به ناوی خودای بەخشندە و دلۆڤان

به دەستکاریەکی کەمەوە لە کتێبی (( قورئانی پیرۆز چۆن بخوێنینەوە...؟)) لە نووسینی مامۆستا صلاح الدین محمد بهاءالدین وەرگیراوە

## حوكمی تەجوید

پەیرەوی کردنی ئەم زانیاری‌یە لە خوێندنی قورئاندا (فەرزی عەینە) واتە ئەوەی لە کاتی خوێندنەوەی قورئان دا پەیرەوی تەجوید نەکا ئەوە گوناهبارە و سزای لای خوا ئەبێ.
بەڵام زانینی ئەم زانیاری (تجوید)ە، واتە هۆ و بەڵگەی ئەو دەستوور و ڕێ و شوێنە (فەرزی کیفایە)یە بە واتایەکی دیکە دەبێ لە وڵاتدا کەسانێک بێن بزانن بۆچی ئەوە وا دەخوێنرێتەوە و وا ناخوێنرێتەوە.
جا کە زانیاری‌یەک ئەوەندە گرنگ و بایەخدار بێ زۆر پێویستە موسڵمان شتێکی لێ بزانێ و ئاگاداریی بەسەردا هەبێ، بۆیە وا بەپێی توانا و ئەوەندەی ئەمڕۆ بە پێویستی بزانین بۆ خوشک و برا قورئان پەروەرەکانم پێشکەشتان ئەکەم:

**1-** خوێندنی (أعوذ بالله من الشیطان الرجیم) پێش دەستکردن بە خوێندنەوەی قورئان سووننەتە..کە ئەتوانرێ لەگەڵ (بسم الله الرحمن الرحیم) دا بەسەر یەکەوە بخوێندرێتەوە یا دەتوانرێ بە جیاوازیش بخوێنرێتەوە.
**2-** خوێندنی (بسم الله الرحمن الرحیم) زۆر پێویستە لە دەستکردن بە خوێندنی سوورەتەکاندا جگە لە سوورەتی (التوبة) وە ئەتوانرێ بەسەر یەکەوە لەگەڵ (أعوذ بالله من الشیطان الرجیم) بخوێنرێ و ئەشتوانرێ بە جیاواز بخوێنرێتەوە.
**3-** بەیەکگەیشتنی نوونی زەنندار (النون الساكنة) یا (تنوین) لەگەڵ پیتەکانی زمانی عەرەبی‌دا.
ئەپرسی نوونی زەنندار چی‌یە؟ واتە پیتی (نون) کە زەنەی (سکون) هەبێ. واتە (نون) ێک کە نە (سەر) نە (ژێر) وە نە (بۆر)ی بێ.
دەشپرسی: (تنوین) چی‌یە..؟ بریتی‌یە لە دروست کردنی (نون)ێکی زەنندار لە کۆتایی هەر ناو(اسم)ێکەوە کە حاڵەتەکەی وای داواکردووە کە بۆی دروست بکرێ بە بێ ئەوەی بنووسرێ بەڵکو بە نیشانەی (دوو سەر) یا (دوو ژێر) یا (دوو بۆر) دیاریان کردووە.
جا بۆ ئەم بەیەکگەیشتنە بیست و هەشت پیتەکەی زمانی عەرەبی دەکرێن بە چوار بەشەوە. واتە بەیەکگەیشتنی نونی زەنەدار یا (تنوین) لەگەڵ پیتەکاندا چوار حاڵەتی هەیەکە ئەمانەن:

### أ. حاڵەتی (إظهار)

واتە ئاشکراکردن و دەرخستنی نون بە بێ مینگە (غنة)، ئەوەش کاتێک دروست دەبێ کە نونی زەنندار یا تەنوین لەگەڵ شەش پیت لەو بیست و هەشت پیتەی زمانی عەرەبی بە یەک بگەن:
ئەو شەش پیتانە پێیان دەگوترێ پیتەکانی (اظهار) یا پیتەکانی (حلق) ئەوانیش بریتین لە: ( أ ، ه ، ع ، غ ، ح ، خ ).
هۆی دروست بوونی ئەم حاڵەتەش ئەوەیە کە مەخرەجی نون دوورە لە مەخرەجی ئەو شەش پیتەوە.
هەندێ لە زانایانیش ئەو شەش پیتە دەکەن بە سێ بەشەوە بۆ زیاد و کەمی ئەو ئاشکراکردنە:-

**1-** (اظهار)ی زۆر لە (أ ، ه) دا.
**2-** (اظهار)ی مامناوەندی لە (ع ، ح)دا.
**3-** (اظهار)ی کەم لە (غ ، خ)دا.

**نموونەی** (إظهار)

| پیتەکان | نونی زەنەدار لە یەک وشەدا | نونی زەنەدار لە دوو وشەدا | تەنوین |
|---|---|---|---|
| أ | يَنْأون | مَنْ امَن | رَسولٌ أمين |
| ه | يَنْهَون | اِنْ هو | سَلامٌ هِي |
| ع | يَنْعِق | مَنْ عَلِم | حَكيماً عَليما |
| غ | يَنْغضون | مَنْ غَل | عَزيزٌ غفور |
| ح | يَنْحتون | مِنْ حَسَنة | عَليمٌ حَكيم |
| خ | مُنْخَنقة | مِنْ خَير | قومٌ خَصمون |

## ب. حاڵەتی (اِقلاب)

اقلاب واتە هەڵگێڕانەوە یاگۆڕینی نون بە میم لە کاتی بەیەککەیشتنی نونی زەنەدار یان تەنوین لەگەڵ پیتی (ب) بەو مەرجەی هاوکات لەگەڵ گۆڕینەکەدا کەمێک مینگە(غنة)شی بۆ دروست بێ :

ئەی مینگە چی‌یە؟ مینگە یا (غنة) بریتی‌یە لە دەنگێک کە لە لووتدا دروست ئەبێ و زمان هیچ دەوری لە دروستکردنی‌دا نی‌یە.

ئەندازەی (غنة)ش دوو حەرەکەیە، وە لە حاڵەتی (اِدغام) و (اِقلاب) و (اِخفاء)دا روو ئەدا. نمونەی (اِقلاب) وەک ئەمانە:

( أنْبياء ، مِنْ بَعد ، سميعٌ بَصير ، أليمٌ بما كانوا ).

## ج. حاڵەتی (اِخفاء)

اخفاء واتە شاردنەوەی دەنگی نون بە مەرجی دروست بوونی مینگە لە کاتی بەیەککەیشتنی نونی زەنەدار یا تەنوین لەگەڵ پانزە پیت لە پیتەکانی زمانی عەرەبی‌دا. ئەم حاڵەتە لە نێوان حاڵەتی (اِظهار) و (اِدغام) دایە، واتە نە دەرخستن و ئاشکراکردنی تەواوە و نە تێ‌هەڵکێش و گوم کردنی تەواوە.

پیتەکانی (اِخفاء) ئەم پانزەیەن:

( ث ، ج ، ذ ، ز ، س ، ص ، ض ، ظ ، ف ، ش ، ط ، د ، ت ، ق ، ك ) کە لە سەرەتای ووشەکانی ئەم شعرەدا کۆکراونەوە:

صف ذا ثنا كم جاد شخص قد سما
دم طيبا زد في تقي ضع ظالما

هەندێک لە زانایانی تەجوید اخفاء دەکەن بە سێ بەشەوە: کەم و زۆر و مامناوەندی.

1- لەگەڵ پیتی ( ط ، د ، ت )دا (اخفاء) ی زۆرە.

2- لەگەڵ پیتی ( ق ، ك )دا (أخفاء) ی کەمە.

3- لەگەڵ پیتی ( ث ، ج ، ذ ، ز ، س ، ص ، ض ، ظ ، ف ، ش ) دا (اخفاء) ی مام ناوەندی‌یە.

**نموونەی (اِخفاء)**

| پیتەکان | نونی زەنەدار لە یەک وشەدا | نونی زەنەدار لە دوو وشەدا | تەنوین |
|---|---|---|---|
| ت | أحسنْتم | منْ تراب | جناتٍ تجري |
| ط | فانْطلقنا | منْ طين | ماً طهوراً |
| د | أنْدادا | منْ دونه | دكاً دكا |
| ق | ينْقضون | منْ قبلك | رزقاً قالوا |
| ك | منْكم | أنْ كان و | علياً كبيرا |
| ث | منْثورا | ثمرة منْ | ثجاجا ماً |
| ج | أنْجيناكم | جاءكم أنْ | صعيداً حرزا |
| ذ | انْدرتكم | ذهب منْ | عزيزٌ ذو انتقام |
| ز | انْزلنا | زكاها منْ | نفساً زكيا |
| س | ماتنْسخ | سوء منْ | خالصاً سائغا |
| ش | منْشورا | شيء منْ | بأساً شديدا |
| ص | ينْصرون | صبرتم لئنْ | جمالةٌ صفر |
| ض | منْضود | ضل منْ | وكلاً ضربنا |
| ظ | تنْظرون | ظل منْ | ظلاً ظليلا |
| ف | ينْفقون | فوقهم منْ | بيوتاً فارهين |

## د. حاڵەتی (اِدغام)

ادغام بەگشتی بریتی‌یە لە تێهەڵکێش کردنی پیتێکی زەنەدار لەگەڵ پیتێکی بزواو (متحرک)دا بەو مەرجەی هەردووکیان پیتێکی شەددەدار دروست بکەن. بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها باسی ئەو (ادغام)ە دەکەین کە لە بەیەکگەیشتنی نونی زەننەدار یا تەنوین لەگەڵ شەش پیتەکەی تری زمانی عەرەبی کە لە وشەی (یرملون)دا کۆئەبنەوە واتە پیتی ( ی ، ر ، م ، ل ، و ، ن ) دروست دەبێ.

شایانی باسیشە کە ادغام لە دوو وشەدا نەبێ روونادا، واتە دەبێ نونەکە یا تەنوینەکە لە کۆتایی وشەیەکدا بێ و پیتەکەی -ادغام-یش لە سەرەتای وشەیەکی ترەوە بێ. واتە لە وشەیەکی وەکو (دنیا، صنوان، قنوان، بنیان) دا ادغام روونادا.

### (اِدغام) یش دوو جۆرە:

**(1)** (ادغام)ی مینگەدار واتە(مع الغنة): کە بریتی‌یە لە بەیەکگەیشتنی نونی زەننەدار یا تەنوین لەگەڵ چوار لەو شەش پیتە کە لە وشەی (ینمو)دا کۆدەبنەوە.. لەو کاتەشدا مینگەش دروست ئەبێ لەگەڵ تێهەڵکێشەکەدا چونکە سیفەتی نونەکەی تێدا دەمێنێ.. هەروەها پێیشی دەوترێ (ادغام)ی ناتەواو.

**(2)** (ادغام)ی بێ مینگە واتە(بلا غنة): کە بریتی‌یە لە بەیەکگەیشتنی نونی زەننەدار یا تەنوین لەگەڵ دوو پیتەکەی تردا کە (ل ، ر)یە. لەو کاتەدا مینگە دروست نابێ چونکە هیچ سیفەتێکی نونەکە نامێنێ بۆیە پێی ئەڵێن (ادغام)ی تەواو.

شایانی باسە لە قورئان دا لە دوو جێگەدا نونی زەننەدار ئەکات بە (واو) کەچی (اظهار) روئەدا ئەویش لە (یس و القرأن) و (ن و القلم)دایە.

**نموونەی (اِدغام)**

| پیتەکان | نونی زەننەدار | تەنوین | جۆری ادغام |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| ي | يقولون أنْ | يؤمنون لقوم | ناتەواو |
| ن | نفس عنْ | رسولاً نبيا | ناتەواو |
| م | ملجأ منْ | هدىً من | ناتەواو |
| و | ورائهم منْ | جناتٍ و عيون | ناتەواو |
| ل | لم انْ | هدىً للمتقين | تەواو |
| ر | ربهم منْ | غفورٌ رحيم | تەواو |

**4** - ئەوەی باسمان کرد ئەو حاڵەتانە بوون کە لە کاتی بەیەکگەیشتنی نونی زەنندار یا تەنوین لەگەڵ پیتەکانی زمانی عەرەبیدا ڕوودەدەن، بەلاَم حاڵەتی (ادغام) سێ جۆری زیاد لەو دوو بەشەی دیکەی هەیە و هەر جۆرەیان ناوی تایبەتی هەیە.

## أ. اِدغام المثلين أو المتماثلين

بریتی‌یە لەو حاڵەتە تێهەڵکێشەی کە ڕوو دەدا لە کاتی بەیەکگەیشتنی پیتێکی زەنندار لەگەڵ هەمان پیتدا بە شێوەی بزواو، جا هەردوو پیتەکە لە یەک وشەدا کۆ ببنەوە وەکو: (يُدرككُم) یا لە دوو وشەدا وەکو (أضربْ بعَصاك)، ئەو پیتانەی ئەم جۆرە تێ هەڵکێشە دروست دەکەن یانزە (11) پیتن، هەموشیان (ادغام)ی تەواو درووست ئەکەن جگە لەو دوو پیتی (نون و میم) کە (ادغام)ەکەیان مینگەدارە و ناتەواوە چونکە ئەم پیتانە بە بێ مینگە ناگوترێن.

پیتەکان ئەمانەن:

(ب ، ت ، د ، ذ ، ر ، ع ، ف ، ك ، ل ، ه ، و ، م ، ن).

**نموونە:**

| پیتەکان | نموونە |
|---|---|
| ب | قُلنا أضربْ بعصاك |
| ت | كانتْ تَأتيهم |
| د | وقدْ دَخلوا |
| ذ | وأذْ ذهب |
| ر | وأذكرْ ربَك |
| ع | مالم تستطيعْ عَليه |
| ف | فلا تسرفْ في القتل |
| ك | يدرككّم الموت |
| ل | بلْ لهم |
| ه | يوجهْه |
| و | اَوْ وا ونصروا |
| م | لهمْ مَشو فيه |
| ن | لنْ نُؤمن |

ئەپرسی: ئایا ادغام لەم وشانەدا چۆنە: (كفروا وهم ، في يوسف)؟.

وەلاَم: بە پێی یاسا دەبێ (ادغام المثلين) ڕوبدا بەلاَم لەبەر ئەوەی کە دوو پیتە زەنندارەکە پیتی (مەدد)ن وە ئەگەر ادغام روبدا ئەوا مەددەکە ڕوو نادا لەبەر ئەوە ادغام لێرەدا ڕوونادا واتە لەبەیەکـگەیشتنی ى + ى ، و + و ادغام ڕوونادا.

### ب. اِدغام المتجانسين

بریتیيه له تێهەڵكێشی پیتێكی زەنندار لەگەڵ پیتێكی بزواودا كه مەخرەجیان یەک بێ و له سیفەتدا جیاوازبن، ئەو پیتانەش ئەمانەن كه لەم نەخشەیەی خوارەوەدا روونكراونەوە:

| پیته زەنندارەكان | پیته بزواوەكان | نموونە | جۆر |
|---|---|---|---|
| ذ | تَ | أن عبدْتَ | ادغامی تەواو |
| تْ | دَ | أجيبتْ دَعوتكما | ادغامی تەواو |
| تْ | ط | قالتْ طائفة | ادغامی تەواو |
| ذْ | ظ | اذ ْ ظلموا | ادغامی تەواو |
| بْ | مَ | اِركبْ مَعنا | ادغامی تەواو |
| ثْ | ذَ | يلهثْ ذلك | ادغامی تەواو |
| طْ | تَ | لئن بَسطْتَ | ادغامی تەواو |

### ج. اِدغام المتقاربين

بریتییە لەو تێهەڵكێشەی له بەیەكگەیشتنی نێوان پیتی (ل)ی زەنندار و (ر)ی بزواودا روو دەدا وەكو (بَلْ ران ، قلْ رَب) یا له نێوان پیتی (ق) زەنندار و (ک)ی بزواودا رودەدا وەكو: (اَلَمْ نَخْلقّكم).
وه بۆیه پێی دەوترێ (متقاربين) چونكه ئەو دوو پیته زەنندارە هەم له مەخرەج وهەم له سیفەتیشدا زۆر  له دوو پیته بزواوەكه نزیكن .

## 5- میمی زەنندار:

لەگەڵ پیتەكانی تردا سێ حاڵەتی هەیە:

أ) له بەیەكگەیشتنی (م) زەنندار و پیتی (ب) (إخفاء) روو ئەدا واته شاردنەوەی میمەكه و روودانی مینگە: وەكو (و ما همْ بمؤمنين).
ب) له بەیەكگەیشتنی (م) زەنندار لەگەڵ (م)ێكی بزواودا ئەوا اِدغام ی ناتەواو روودەدا وەک باسمان كرد وەكو: (أنهُمْ مُلاقوا).
ج) له بەیەكگەیشتنی (م) زەنندار لەگەڵ باقی پیتەكانی زمانی عەرەبیدا (إظهار) روو ئەدا به تایبەت لەگەڵ (ف ، و)دا زۆر ئاشكراترە..
وەكو: (ايهم  احسن ، أم خلقوا ، عليهم ولا) ....هتد.

6- ئەوەی باسمان كرد له بارەی پیتی نون و میمی زەنندارەوە بوو بەڵام ئەگەر ئەم دوو پیته شەددەدار بوون ئەوا ئەبێ به ئەندازەی ئەلفێک مینگەی بۆ بكرێ .. وەكو: (من الجنة و الناس ، ثم ، لما).

## 7- خوێندنەوەی پیتی (ال):

### یەكەم: لامی (تعريف) دوو جۆرە:

أ- لامی شەمسی: ئەو لامەیە کە ناخوێندرێتەوە بەڵکو (إدغام) ڕوودەدا لە نێوان پیتەکەی پێشویدا و پیتەکەی دواییدا، بەو مەرجە پیتەکەی دوای خۆی یەکێک بێ لەو چواردە پیتەی پێیان دەگوترێ (پیتە شەمسیەکان) کە ئەمانەن:
(ت ، ث ، د ، ذ ، ر ، ز ، س ، ش ، ص ، ض ، ط ، ظ ، ل ، ن) ئەم جۆرە (إدغام)ەش پێی دەگوترێ (الادغام الشمسی) وە ئاشکرایە کە بێ مینگەیە، جگە لە (نون) کە مینگەدارە.
نموونە وەکو: (و التائبون ، ابن السبيل ، الضأن ، و الطور ، واللائي..) هتد.
ب- لامی قەمەری: بەو لامە تەعریفە ئەڵێن کە ئەچێتە سەر ئەو ناوانەی سەرەتاکەیان بەو چواردە پیتە دەست پێ دەکا کە پێیان ئەوترێ (پیتە قەمەرییەکان) پیتەکانیش ئەمانەن:
(أ ، ب ، غ ، ح ، ج ، ك ، و ، خ ، ف ، ع ، ق ، ي ، م ، ه) کەلەم رستەیەدا (ابغ حجك وخف عقيمه)کۆکراونەوە. ئەم لامە لەم کاتەدا بە زەنەداری ئەخوێندرێتەوە و ادغام ڕوونادا بەڵکو ئاشکرا دەکرێ و پێی دەڵێن (إظهار القمري)
نموونە وەکو: (الامين ، البر ، و الهدى...) هتد.

ئەپرسی: وشەی قەمەری و شەمسی لە چیەوە هاتووە؟
وەڵام: وا ڕێکەوتووە کە چواردە پیتیان کە یەکێکیان (ش)ە لامی تەعریف ئەشارنەوە هەروەها چواردەکەی تریش کە یەکێکیان (ق)ە لامەکە ئاشکرا ئەکەن، بە مانا نموونەی ئەوانە کە لامەکە ئەشارنەوە (الشمس)ە وە نموونەی ئەوانەی لامەکە ئاشکرا ئەکەن (القمر)ە..
جا لێرەدا نوکتەیەکی شیرینیشیان دۆزیوەتەوە کە ئەم لامی تەعریفە وەک ئەستێرە وایە و لەگەڵ مانگدا هەڵدێ و لەگەڵ خۆردا گوم ئەبێ.

## دووەم: لامی کردار (لام الفعل):

ئەمە ئەو لامەیە کە یەکێکە لە پیتە بنەڕەتیەکانی کردارێک وەکو لامی (يَلْعَب ، قُلْنا ، يلْحَق) ئەم لامە ئاشکرا ئەکرێ تەنها لە کاتێکدا نەبێ،ئەگەر بگات بە پیتی (ر)ی (إدغام المتقاربين) ڕوئەدا وەکو (قُلْ رَب) یا بگات بە لامی بزواو کە (إدغام المتماثلين) ڕووئەدا وەکو (فَقُلْ لَهُم).

## سێهەم: لامی حەرف (لام الحرف):

ئەبێ ئاشکرا بکرێ بەو مەرجە نەگات بە پیتی (ر) و (ل) وەکو: (قُلْ رَب ، بَلْ لَهم) وەک لە خاڵی سەرەوەدا باس کرا.

## چوارەم: لامی ناو (لام الاسم):

ئەبێ ئاشکرا بکرێ وەکو لە (سُلْطان ، سَلْسَبيلا).

## پێنجەم: لامی فەرمان یا داخوازی (لام الامر):

ئەو لامەیە کە دەچێتە سەر کردارێکی داهاتوو (مَجْزوم)ی دەکا وەکو: (وَلْتَكُن ، وَلْيوفوا) دەبێ هەمیشە ئاشکرا بکرێ.
ئەپرسی: چ کاتێک پیتی لام بە گەورەیی دەخوێنرێتەوە..؟

وەلاّم: تەنها لە وشەی (الله)دا نەبێ لامەکە گەورەیە ئیتر لە گشت شوێنێکدا (لام) بچووکە ئەویش بەو مەرجە کە لە پێش وشەی (الله)دا پیتێکی ژێردار (مَکسور) نەهاتبێ چونکە لەو کاتەشدا لام هەر بە بچووکی دەخوێنرێتەوە وەکو: (بسم الله ، بهِ الله ، لِله).

## 8- خوێندنەوەی پیتی (ر):

پیتی (ڕێ) لە بنەڕەتدا بە گەورەیی دەخوێنرێتەوە وە جاری واش هەیە کە دەتوانرێ بە هەردوو حاڵەتەکە بخوێنرێتەوە.

### أ- پیتی (ڕێ)ی گەورە [حرف الراء المفخمة]:

ئەم پیتە بە گەورەیی ئەخوێنرێتەوە ئەگەر بەم شێوانەی خوارەوە بوو:

1- خۆی (سەر) یا (بۆر)ی هەبێ وەکو لە (رَبَّنا ، رُزُقنا).

2- خۆی زەننەی هەبێ بەلاّم پیتی پێشەوەی (سەر) یا (بۆر)ی بێ وەکو: (بَرْق ، كُرْسي).

3- ئەگەر خۆی زەننەی هەبێ پیتی پێشەوەی (ژێر)ی هەبێ بەلاّم (ژێر)ەکە (اَصلي) نەبوو بەڵکو توشهاتی (عارضي) بوو وەکو: (اِرْجعوا ، أن أرتبتم).

4- ئەگەر خۆی زەننەی هەبوو وە پیتی پێشەوەی (ژێر)ی هەبوو وە ژێرەکەش (اصلي) بوو بەلاّم پیتی دواوەی یەکێک بوو لە پیتەکانی (استعلاء) کە حەوت پیتن: ( ط ، ص ، ض ، ق ، غ ، ظ ، خ ) وەکو (مِرْصاد ، قِرْطاص ، فِرْقة ..).

5- ئەگەر خۆی زەننەی (عارض)ی هەبوو واتە لە سەری وەستا بووی، بەلاّم پیتی پێشەوەی زەننەی هەبوو وە پیتی پێشتری ئەویش بۆر یا سەری هەبوو وەکو: (والعَصْر ، لفي خُسْر).

### ب- پیتی (ڕێ)ی بچووک [حرف الراء المرققة]:

ئەم پیتە بە بچووکی دەخوێنرێتەوە هەر کاتێک بەم شێوەیەی خوارەوە هات:

1- خۆی (ژێر)ی هەبێ وەکو (رجال ، و الفجر ، في الرقاب).

2- خۆی زەننەی بێ بەلاّم پیتی پێشەوەی ژێرەی (اصلي) بێ، وە لە دوایەوە پیتی (استعلاء) نەبێ وەکو: (فِرْعون ، شِرْذمة).

3- ئەگەر خۆی زەننەی هەبوو لە کۆتایی وشەیەکدا و پیتی پێشەوەشی ژێری (اصلي) هەبێ و گەیشت بە پیتێکی (استعلاء) وەکو (ولا تصعِرْ خدك ، فأصبِرْ صَبرا).

4- ئەگەر خۆی زەننەی هەبوو وە لە پێشەوەی هەر پیتێکی زەننەدار بوو بەو مەرجە پیتی (استعلاء) نەبوو، وە لە پێشتری ئەوانیشەوە پیتێکی ژێردار هەبوو وەکو: (الذِكْرْ ، السحْرْ).

5- ئەگەر بە زەننەداری لە پاش (ی)یەکی زەننەدار هات وەکو: (قديْر ، خَبيْر).

### ج- (ڕێ)ی بچوک و گەورە [جواز الحالتين]:

1- خۆی زەننەی هەبوو وە پیتی پێشەوەی ژێری هەبوو گەیشت بە پیتی (استعلاء) کە ژێردار بێ وەکو: (فِرْق).

2- ئەگەر خۆی زەننەدار بێ و لە دوای پیتێکی ژێرداری (استعلاء) هاتبێ کە ئەویش لە دوای پیتێکی ژێردار هاتبێ.. وەکو (مِصر).

## 9- خوێندنەوەی پیتی (ضاد):

پیتی (ضـاد) تەنها لە زمانی عەرەبیدا هەیە بۆیە بە زمانی عەرەبی دەڵێن (لغة الضـاد)جا گوتنی ئەم پیتە گرانە تەنانەت لە سەر خاوەنی زمانەکەش.. بۆیە دەبینین بووەتە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم هەمواندا بە تایبەت نوێژکەر کە ڕۆژی بە لای کەمەوە **(34)** جار ئەم پیتە لە نوێژەکەیدا دووبارە دەکاتەوە.. خۆ ئەگەر بە هەڵە بووتری ئەوا نوێژەکەش نادروست دەبێ..

جاران بۆ ئەوەی لە پیتی (ض) دوور بخرێتەوە کردوویانە بە (ڵ).. هەندێکی تریش وەک (ظ) ئەیڵێن و وا ئەزانن ئەوە نیشانەیەکی ڕۆشنبیرییە، بێگومان هەردوو ووتنەکە ناتەواوە چونکە هەردوو پیتی (ظ) و (ڵ) مەخرەجی تایبەتیان هەیە و جیاوازن لە مەخرەج و سیفەتی (ض)ەوە.

پیتی(ضـاد) مەخرەجی تایبەتی هەیە کە بریتییە لە (لێدانی قەراغی زمان لە ددانەکانی لا چەپی سەرەوە..) بەلای ڕاستیشدا ئەبێ بەڵام گرانتر دەردەچێ.

بۆ دۆزینەوەی مەخرەجی هەر پیتێک هەمزەیەک بخەرە پێش پیتەکەوە بۆت ئاشکرا ئەبێ کە چەند جیاوازن لەیەک: سەیری وتنی: (أظ ، أط ، أض) بکە کە چەندەیان فەرقە.. ئەوەی شایانی باسیشە (ڵ) واتە لامی گەورە لە عەرەبیدا نیە جگە لە ووشەی (الله)دا نەبێ..

## 10 - درێژ بوونەوەکان (المدود)

مدد بریتییە لە درێژکردنەوەی یەکێک لە پیتەکانی مەد بە هۆی یەکێک لە هۆکانی مەددەوە.

پیتەکانی مەدد سیانن:

أ- (ئەلفی) زەننەدار کە پیتی پێشەوەی سەر (فَتْحَة)ی هەیە.

ب- (یێ)ی زەنەدار کە پیتی پێشەوەی ژێر (كَسْرَة)ی هەیە.

ج- (واو)ێکی زەنەدار کە پیتی پێشەوەی بۆر (ضَمَّة)ی هەیە.

### هۆکانی مەدد دوانن:

**1**- ئەگەر یەکێک لە پیتەکانی مەدد گەیشتن بە هەمزە (واتە ئەلفێکی بزواو) (مُتَحَرِّك).

**2**- ئەگەر یەکێک لە پیتەکانی مەدد گەیشتن بە پیتێکی زەننەدار (ساکِن) کە ئەویش دوو جۆرە:

أ- سکونی لازم درووست دەکا.

ب- سکونی عارض کە مەددی عارض دروست دەکا..

## جۆرەکانی مەدد:

**یەکەم**: مەددی (اصلي) یا (طبيعي):

بریتییە لەو حاڵەتەی کە پیتەکانی مەدد نەگەیشتبن بە یەکێک لە هۆیەکانی مەدد بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی هەموو دەم و زمانێکی ساغ بە ئەندازەی ئەلفێک (واتە دوو حەرەکە) ئەو پیتی مەددە درێژ دەکاتەوە.. ئیتر لەوە کەمتر یا زیاتر بۆی ناگوترێ.. وەکو: (قال ، قيل ، يقول).

ئەپرسی حەرەکە چییە؟ حەرەکە بەقەدەردەست نوقاندن و کردنەوەیەتی، دوو حەرەکەش بە ئەندازەی ئەلفێکە..

**دووەم**: مەددی (فرعي) یا (غير طبيعي):

بریتییە لەو حاڵەتەی کە پیتەکانی مەدد بگەن بە یەکێک لە هۆکانی مەدد.. جا لەسەر بناغەی هۆکانی مەدد دوو جۆر مەددی فەرعی هەیە:

أ- ئەو مەددانەی کە بە هۆی (هەمزە)وە ڕوودەدەن سێ جۆرن:

**1**- مەددی (المُتَّصِل): مەددێکی واجبە چونکە گشت زانایان بڕیاریان لەسەر داوە.. (متصل)ە واتە لە یەک وشەدا ڕوودەدا، بە واتایەکی تر پیتی مەددەکە و هۆی مەددەکە لە یەک وشە دان. وەکو: (جآء، جيءَ ، سوء) ئەندازەی مەددەکە لەسەر بڕیاری زۆر لە زانایان پێنج حەرەکەیە.

**2**- مەددی (المُنْفَصِل): مەددێکی ڕێپێدراو(جائز)ە واتە واجب نیە و بە لەبەرچاونەگرتنی خوێندنەوەکە هەڵە نابێ.. (منفصل)ە واتە پیتی مەددەکە لە کۆتایی وشەیەکدایە و هۆی مەددەکە (واتە هەمزەکە) لە سەرەتای وشەیەکی تردایە.. وەکو: (أنا أعطيناك ، قوا أنفسكم ، في أنفسكم) ئەندازەی ئەم جۆرە مەددە بە پێی جۆری خوێندنەوەکە دەگۆڕێ:

ئەگەر خوێندنی پەلە (حدر) بوو ئەوا دوو حەرەکەیە. ئەگەر هێواش و لەسەر خۆ(ترتيل) بوو ئەوا پێنج حەرەکەیە. وە ئەگەر مام ناوەندی (تدوير) بوو ئەوا چوار حەرەکەیە.

**3**- مەددی (البدل): لە کاتێکدا کە هەمزەکە کەوتە پێش پیتی مەددەکەوە مەددێکی دوو حەرەکەیی دروست دەبێ کە پێی ئەڵێن مەددی (بدل) وەکو: (آمنوا ، إيمان ، أوتي) کە ئەوسا (أمنو ، إئمان ، أوتي) بووە جا بەهۆی بەیەکگەیشتنی دوو هەمزەوە ئەو جۆرە مەددە ڕوویداوە، لەبەر ناچاری دووەمیان کە زەنەدارە گۆڕدراوە بۆ (ئەلف و یێ و واو).

ب- ئەو مەددانەی کە بە هۆی (سكون)ەوەیە دوو بەشی سەرەکین:

**1**- مەددی (عارض):

بریتی یە لەو مەددەی کە بەهۆی گەیشتنی یەکێک لە پیتەکانی مەدد بە پیتێک کە بە هۆی وەستانەوە لە سەری زەنەدار (ساكن) بووبێ دەنا لە پێشدا بزواو بێ.. جا کە وەستان ڕوویدا مەددی (عارض) ڕوودەدا وەکو: (الحمدالله رب العالمين ، و أولئك هم المفلحون ، شديد العقاب ..) بێگومان ئەگەر لەسەر وشەکانی (العالمين ، المفلحون ، العقاب) نەوەستاین ئەوە مەددێکی (طبيعي) ڕوودەدا و بەس.

ئەندازەی ئەو مەددە سێ قسەی لەسەرە: مەددێکی کورت کە دوو حەرەکەیە.. یا مەددێکی مام ناوەندی کە چوار حەرەکەیە، یا مەددێکی درێژ کە شەش حەرەکەیە. ئەتوانرێ هەرسێکیان پەیڕەو بکرێ بەڵام جۆرە درێژەکەیان تەواو ترە.

ئەو مەددە (جائز)ە و واجب نی یە، واتە دەتوانرێ بکرێ بە مەدد یا نەکرێ..

**2**- مەددی (لازم):

بریتی یە لە بەیەکگەیشتنی یەکێک لە پیتەکانی مەدد لەگەڵ (سكون)ێکی هەمیشەیی دا.. حوکمەکەشی واجبە و ئەندازەکەی سێ ئەلفە واتە شەش حەرەکە..

مەبەست لە(سكون)ی هەمیشەیی ئەوەیە کە ئەو زەنەداری یە لەو پیتەدا شتێکی بنەڕەتی یە و بە هۆی هیچ شتێکی دەرەوە نیە واتە بەهۆی لەسەر وەستان یا شتێکی ترەوە نیە، کە لە خوارەوە زیاتر ڕوونی دەکەینەوە.

**جۆرەکانی مەددی لازم:**

**1**- مەددی لازمی (كلمي)
**2**- مەددی لازمی (حرفي)

هەر یەکێک لەم دوو جۆرەش دوو بەشن (مثقل) وە (مخفف)

**1**- مەددی لازمی (كلمي) یا (وشەیی):-

واته ئەو مەددە لازمەی کە لە یەک وشەدا روو دەدا، کە ئەویش دوو بەشە:

أ- مەددی لازمی وشەیی قورس (كلمی مثقل):

بریتی‌یە لەو جۆرە مەددە کە روونەدا لە کاتێکدا پیتی مەددەکە بەرەنگاری پیتێکی (شەددەدار) بێ لە یەک ووشەدا:

وەکو: (و لاالضالین ، والطَامة ، أتحاَجوني)..

**ب- مەددی لازمی وشەیی سووک (كلمي مخفف):**

بریتی‌یە لەو مەددە کە رووەدا لە ئەنجامی بەرەنگار بوونەوەی پیتێکی مەدد لەگەڵ یەکێکی زەننەدار لەیەک ووشەدا: نمونەی ئەم جۆرە مە تەنها لە وشەی (آلآن)دایە کە لە دوو جێگەدا لە سورەتی یونس دا هاتووە.

## 2- مەددی لازمی پیتی(حرفي):

ئەم مەددە لە کاتی خوێندنەوەی ئەو پیتانەدارووئەدا کە لە سەرەتای هەندێ لە سورەتەکاندا هەیە و بە سێ پیت دەخوێندرێنەوە.

ئەپرسی: مەبەست لەوە چی‌یە ئەو پیتانەی کە بە سێ پیت ئەخوێنرێنەوە؟ ئەی ئەبێ ئەوانەی بە دوو پیت بخوێنرێنەوە چ جۆرە مەددێکیان ببێ؟

وەلاّم: مەبەست لەو پیتانەیە کە لە خوێندنەوەکەیاندا سێ پیت بەکار دێ وەکو لە (یس) ئەڵێت یاسین ئێستە (یا) دوو پیتە و مەددەکەی (طبیعي)یە بەلاّم (سین) سێ پیتەو مەدەکەی لازمە، کەوابوو هەرچی پیتێک بە دوو پیت بخوێنرێتەوە مەددێکی (طبیعي) یان هەیە وەکو: (ح ، ط ، ه ، ر ، ي) کە ئەوتری (حا ، طا ، ها ، را ، یا).

جا ئەم جۆرە مەددە لازمە کە لە خوێندنەوەی پیتەکانی سەرەتای سورەتەکان دا رووەدا: دوو بەشە:

### أ- مەددی لازمی پیتی ی قورس (حرفي مثقل):

ئەم جۆرە (مەددە لازمە) لە خوێندنەوەی ئەو پیتانەدا رووەدا کە سێ پیتی بێت و ناوەڕاستەکەیان (واتە دووەمیان) پیتی مەدد بێ و سێهەمیان پیتێکی زەننەدار بێ و تێ هەڵکێش کراوبێ (واتە شەددەدار بێ) بۆ نمونە: (طسم) کە ئاوا ئەخوێنرێتەوە (طا سین میم) دەبینی پیتی (ن) کە زەننەدارە و دەگات بە میم (ادغام)ی ناتەواو دروست ئەکا.. واتە نون و میمەکەی تێ‌هەڵکێش دەبن و نونەکە ون دەبێ و میمەکە شەددەدار دەبێ، جا کە (ی) ئەگات بەم (ادغام)ە دەبێ درێژ بکرێتەوە بە مەددێکی لازم هەروەک لە مەددی دا رووەدا چونکە ئەم هەمان یاسای مەددی (كلمي مثقل) ی بەسەر دا جێ‌بەجێ دەکرێ، وە ئەو پیتانەی کە لە سەرەتای سورەتەکاندا هەن و ئەم جۆرە مەددەیان تێدا رووئەدا بریتین لە (س ، ص ، ع ، ق، ك ، ل ، م ، ن).

### ب- مەددی لازمی پیتی ی سووک (حرفي مخفف):

ئەم جۆرە مەددە لە خوێندنەوەی ئەو پیتانەدا رووئەدا کە بە سێ پیت بخوێنرێنەوە و پیتی ناوەڕاستیان پیتی مەدد بێ بەلاّم نەگەیشتبێ بە پیتێکی شەددەدار بەڵکە گەیشتبێ بە پیتێکی زەننەدار، وەکو خوێندنەوەی (ص) صـاد. یان (ن) نوون.. هتد. ئەو پیتانەش کە ئەم جۆرە مەددەیان تێدایە: (ک ، م، ن ، ع ، س ، ن ، ق ، ص ،ل)ن.

هۆی دوبارە کردنەوەی ئەم پیتانە ئەوەیە کە ئەم پیتانە ئی وایان تیایە لە دوو جێگادا بەکارهێنراوە واتە لە مەددی پیتی ی سووک و قورس دا.. بۆ نمونە پیتی (ل) لە سەرەتای سورەتی (بقرة)دا مەددەکەی قورسە (ألم) چونکە گەیشتووە بە (میم)ێکی شەددەدار.. بەلاّم لە سەرەتای سورەتی (یوسف) دا مەددێکی سووکی هەیە چونکە گەیشتووە بە پیتێکی زەننەدار (الر).

مەددەکانی تر

جگە لەو جۆرە مەددانەی پێشوو چەند مەددێکی دیکەش هەیە وەکو:

**1**- مەددی (صلة):

بریتیە لەو درێژبوونەوەیەی کە بە شوێن پیتی (ه) هێ ی ڕاناو واتە(ضمير)دا ڕوودەدا بە دوو مەرج:

أ- پێش پیتی (ه) پیتێکی بزواو هەبێ وەکو: (وله أسلم ، انه كان ، به جنة) بەڵام ئەگەر پیتی پێشەوەی زەنننەدار بوو ئەوا مەدد ڕوونادا. تەنها لە یەک جێگادا نەبێ لە سوورەتی (فرقان)دا ڕوویداوە بە پێچەوانەی یاساکەوە، کە ئەویش لە (فيه مهانا)دایە.

ب- ئەو وشەیەی (ه)ێکەی پێوەیە نەخرێتە سەر وشەیەکی تر وەکو: (انه الحق ، وله الدين) کە مەددی تیا ڕوونادا نیشانەی ئەم مەددی (صلة)یەش نوسینی پیتی (و) یا (ی) بە بچکۆلەیی بە دوای (ه)کەوە لە هەندێ چاپدا.

دوو جۆر مەددی (صلة)ش هەیە:

أ- **کورت**: لە کاتێکدا پاش (ه)یەکە هەمزە نەهاتبێ ئەندازەی دوو حەرەکە درێژ دەکرێتەوە، واتە ئەگەر ژێری هەبوو بەقەدەر (ی) وە ئەگەر بۆری هەبوو بەقەدەر (و). زۆر لە چاپەکان ئەم (واو) و (یێ)یەی نوسیوە، نموونە وەکو: (حسابه و عند ، له و مافي).

ب- **درێژ**: لە کاتێکدا کە دوای (ه)ێکە هەمزە هاتبێ ئەوا بەئەندازەی پێنج حەرەکە درێژ دەکرێتەوە لە هەندێ چاپەکانی قورئاندا نیشانەی مەدد لەگەڵ (و) و (ی)ێکەدا نووسراوە. ئەم مەددە لەجیاتی پێنج حەرەکە دەشتوانرێ ئەندازەی دوو حەرەکە درێژ بکرێتەوە.

**2**- مەددی (فرق):

واتە ئەو درێژکردنەوەیەی کە ئەبێتە جیاکەرەوەی هەمزەی پرسیار و ئەلفی تەعریف، ئەم جۆرە مەددە تەنها لە چوار جێگادا لە قورئاندا هەیە: (ا الذكرين) دوو جار لە سورەتی (انعام)دا هەیە کە لە بنەڕەتدا (أألذكرين) بووە، هەروەها (قلَ اا الله) لە سورەتی (یونس)دا وە (الله خير) لە سورەتی (نمل)دا کە لە ئەوەڵەوە (قلَ أألله) و (أألله خير) بوون.

ئەندازەی ئەم مەددەش شەش حەرەکەیە چونکە وەک مەددی لازمی (کلمي مثقل)ی لێ دێ کە گەیشتنی پیتی مەددە بە پیتێکی شەددەدار لەیەک وشەدا.

**3**- مەددی (عوض):

بریتیە لە وەستان بەسەر تەنوینی دوو سەرەوە کە تەنوینەکە دەبێ بە ئەلفێک بۆیە پێی ئەڵێن (عوض) واتە لە جیاتی تەنوینەکە مەددێکی دوو حەرەکەیی پەیدا ئەبێ وەکو: (عليما حكيما ، بمثله مددا).

**4**- مەددی (تمکين):

بریتیە لە بەیەکگەیشتنی دوو پیتی (ی) یەکەمیان ژێری هەبێ و شەددەدار بێ، دووهەمیان زەنەدار بێ وەکو:(حييتم ، النبيين) ئەندازەکەشی دوو حەرەکەیە.

**5**- مەددی (لين):

ئەم جۆرە مەددە لە کاتێکدا ڕوو دەدا کە یەکێک لە پیتەکانی (لین) بگات بە (سکون).

پیتەکانی (لین)یش دوانن (ی ، و)، بەو مەرجە کە خۆیان زەنەیان بێ و پیتی پێشووشیان (سەر)ی بێ. جا ئەگەر (سکون)ەکە لازم بوو ئەوا شەش حەرەکە یا زیاتر ئەندازەی مەدەکەیەتی، وەکو خوێندنەوەی پیتی (ع) لە سەرەتای سورەتی (شوری)، بەڵام ئەگەر (سکون)ەکە (عارضي) بوو واتە بە هۆی وەستانەوە بوو ئەوا وەکو مەددی (عارض) درێژ ئەکرێتەوە لە دوو حەرەکەوە تا شەش حەرەکە وەکو: (والصيف ، من خوف).

تێبینی

1- ئەگەر دوو مەددی لازم لە یەک ووشەدا کۆبوونەوە نابێ لە هیچ کامێکیان کەم بکرێتەوە وەکو: (أتحاجوني).

2- ئەگەر مەددێکی (منفصل) رووی دا بەلاّم هەمزەکە لە ئەنجامی (وصل) واتە خستنە سەریەکدا دەرۆیشت ئەوا نابێ مەدد بکرێ وەکو: (قالوا اتخذ ، و المقيمي الصلاة).

3- ئەگەر دوو جۆرە مەددەکە گەیشتن بەیەک بەلاّم یەکێکیان درێژ و بەهێزتر بوو ئەوا تەنها درێژ و بەهێزەکەیان لەبەرچاودەگیرێ وەک لەم وشانەدا مەددی (لازم) و (بدل) هەیە بەلاّم هەر لازمەکە ئەکرێ (آمِّين البيت).

## 11- پیتەکانی (قلقلە):

بریتی‌یە لە پێنج پیت (ق ، ط ،ب ، ج ، د) کە زیادە دەرخستنیان دەوێ لە کاتی زەنگدانەوەیاندا.. جا ئەگەر سکونەکە لە ناو وشەیەکدا بوو ئەوا دەرکەوتنەکەیان کەمترە و پێی ئەڵێن (قلقلەی بچوک) وەکو: (يدعون ، يقطعون ، أجبتم) بەلاّم ئەگەر (سکون)ەکە لە کۆتایی ووشەدا بوو بە هۆی وەستان(وقف)ەوە، ئەوا دەرکەوتنەکەیان زۆرترە پێی ئەڵێن: (قلقلەی گەورە) وەکو: (عذاب شديد ، بهيج ، انه الحق).

## 12- وەستان (الوقف):

بریتی‌یە لە برینەوەی ئایەتێک یا وەستان لەسەر وشەیەک پێش گەیشتنە سەر ئایەت یا وشەی دواتر.

وەستان دوو جۆری سەرەکی هەیە:

أ- وەستانی ناچاری(وقف اضطراري) : ئەمە بە هۆی هەناسە تەواو بوونەوە یا تەنگە نەفەسیەوە یا شتێک لەو بابەتەوە روو دەدا.

ب- وەستانی رێپێدراو(وقف اختياري): واتە بە ئارەزوو وەستان لە کۆتایی ئایەتێک یا وشەیەک دا. ئەویش چوار بەشە:

**1- وەستانی تەواو(تام)**: بریتی‌یە لەو وەستانەی لەسەر ئایەتێک یا چیرۆکێک رووی دابێ کە بە هیچ جۆرێک پەیوەندی نەبێ لە نێوان پاش و پێشی وەستانەکەدا چ لە بارەی ماناوە چ لە رووی زمانەوانیەوە، وەکو (هم المفلحون) لە هەوەڵی سورەتی (بقرة)دا.

**2- وەستانی (کافی)**: لە کاتێکدا کە وەستان روودەدا لەسەر وشەیەک کە تا ئەوێ ماناکەی تەواو بێ بەلاّم ئەوەی پاشەوەشی هەر لە سەر هەمان باس بڕوا، وەکو وەستان لەسەر (أم لم تنذرهم لايؤمنون) لە سورەتی بقرەدا کە پاش ئەوەش هەر لە لەسەر باسی کافران دەڕوا دەفەرموێ (ختم الله على قلوبهم).

ئەم جۆرە وەستانەش پەسەندە چونکە تا ئەوێ قسەکە مانابەخش و تەواوە بەلاّم باسەکە تەواو نەبووە و لە بارەی ماناوە پەیوەندی ماوە.

**3- وەستانی باش(حسن)**: لەکاتێکدا وەستان لە سەر وشەیەک بێ کە تا ئەوێ ماناکەی تەواو بێ بەلاّم پێش و پاشی وەستانەکە پەیوەندیان بێ هەم لەبارەی ماناوە هەم لەبارەی زمانەوانیشەوە وەکو وەستان لەسەر (الحمد الله) لە سورەتی فاتیحەدا ئەم فەرمایشتە تا ئێرە باشە، بەلاّم پەیوەندی لەگەڵ (رب العالمين)دا هەیە لە بارەی ماناوە کە باسەکە (سوپاس بۆ خوایە پەروەردگاری عالەمیان) هەروەها لە بارەی زمانەوانیشەوە (الله) (موصوف)ە و (رب) سیفەتی‌یەتی.

**4- وەستانی نادروست(قبيح)**: ئەم وەستانە بریتییە لەوەی لەسەر وشەیەک بوەستێ کە خۆی مانایەکی ئەوتۆ نەبەخشێ و پەیوەندیشی هەبێ لەگەڵ وشەکانی پاشەوەدا لە بارەی زمانەوانی و لە بارەی ماناشەوە وەکو وەستان لەسەر (بسم) لە (بسم الله الرحمن الرحيم) کە خۆی مانایەک نابەخشێ و لە هەموو بارێکیشەوە پەیوەندی لەگەڵ پاشەوەی خۆی هەیە.

**تێبینی**

**زانایان گشت هاوقەولن لەسەر ئەوەی کە وەستان لەسەر ئایەتەکان (سوننەتە) چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێ) زۆر جار وەستاوە لەسەر ئایەت.. وە ئەم وەستانەش بۆ ئاسان کردنی خوێندنەوە و شیرین کردنی بەکار هێنراوە بەڵام دەبێ بزانین کە چەند وشەیەک وەستان لەسەریان حەرامە وەکو: (**أنا الله ، اِني كفرت ، من أله ، ويل للمصلين**) چونکە بێ پاش و پێشەکەیان مانایەکی گوناهو خراپ دەگەیەنن..**